# زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق، ئاماژەیەک بۆ پێشکەوتن،یان،کارەسات؟

مەلا هەندرێن



لەژمـــارە ٢٤ی ئایاری گۆڤاری راوێژ، ئامارێکی تایبەت بەراوێـــژ دەرهەق بـــە تەلاق و مارەبڕینەکانی ســـاڵی ٢٠٠٧، لەتەواوی شـــارو شـــارۆچکەکانی کوردســـتان بـــڵاو کراوەتەوە، کاک **ئارام گەردیش** لەگۆشـــەی دوا سەرنجی لاپەڕەی کۆتایی گۆڤارەکە، لەژێر ناونیشانی (داتایەکـــی ترســـناک) بابەتێکی لەســـەر ئامارەکە نووســـیوەو جگە لەوەی زۆر بە ترســـناکی دەزانێت، وەک کارەســـاتێک باســـی ئەو ڕێژەیەی تەلاق دەکات و ئۆباڵی بەرزبوونەوەی ڕێـــژەی جیابوونەوە لەنێوان ژن و مێردەکان دەخاتە ئەستۆی حوکومەتی هەرێمی کوردستان و پێی وایە ئەوە حکومەتە ئاگای لەم جۆرە داتایانە نییە و هەوڵیش نادات بەدوای چارەسەرەکەی دابگەڕێت.

«فریدریـــک ئەنگلـــس» فەیلەســـوفی ئەڵمانی پێی وایـــە دەرکەوتنـــی یەکەم خێزان لەگـــەڵ دەرکەوتنی خاوەندارییەتـــی تایبەتـــی بـــووە، خاوەندارییەتـــی تایبەتیش لەگەڵ دۆزینەوەی کشـــتوکاڵی و دەســـت گرتن بەسەر پارچەیەک زەوی و دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون،لەتەک زەوی و سەرچاوەکانی ئاو پەیدا بووە، بەر لەدۆزینەوەی کشـــتوکاڵی، خاوەندارییەتی تایبەتـــی نەبووە،چونکـــە خۆراکـــی مـــرۆڤ تەنهـــا بریتی بووە لەماســـی و راوی ئـــاژەڵ و کۆکردنەوەی بەروبوومـــی دارو درەخت، ئەوانـــەش کەس خاوەنی نەبوون، لەخێزانی سەردەمی کۆنی سەرەتاییدا، تەنها دایک ناســـراو بووە و کەس باوکی خۆی نەدەناســـی .بۆیە کۆمەڵـــگا کۆمەڵگایەکی دایکایەتی بووەو دایک تیایدا ســـالار بووە، لەســـەر ئەم بنەمایەش بوو دایک لەکۆمەڵگاکان بەپیرۆز ســـەیر دەکرا. زۆربەی خودای کۆمەڵگاکانـــی کۆن (مێیینە بووە)، لەدیارترین خودای مێینەکانیـــش لەرۆژهەڵاتدا (خـــودای عەشـــتار)بووە. بەپێی ئەم ســـەیر کردنەی ئەنگلس بێت، ئەوە خانەی خێزان یەکەم ئۆرگانی کۆمەڵایەتییە، کەتیایدا کاروانی چەوســـاندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ،بەڕێدەکەوێت و سیســـتەمی باڵا دەست بەســـەر ژێر دەست و زاڵم بەسەر مەزلوم تەمەنی خۆی دەست پێدەکات، کەوایە یەکەمین داری زوڵم و چەوسانەوە بەدەستی پیاو بەر ئافرەت دەکەوێت و تائیمڕۆش خێزان ئەو چوارچێوەیە کـــە بنەماکەی بریتییە لەئیســـتیبداد و باڵا دەســـتی پیاو بەســـەر ژندا، خێزان بۆ پیاو شـــوێنی پشوودان و دۆزینەوەی کەســـایەتی و نمایشکردنی هێزە، کەچی بۆ ئافرەت شـــوێنی کۆت و بەندی ئـــازادی و ماف و

ئارەزووەکانییەتی، شوێنی خزمەتکاری و چەوسانەوەو بێڕێزیکردن و ژێردەستەیی هەمیشەییە، شوێنی پایەدارکردنەوەی سیستەمێکە کە مانای هێزو دەسەڵات بۆ پیاو و کۆیلایەتی و لاوازیش بۆ ئافرەت، ڕۆژانە دووپات دەکاتەوە و لەوێنەی کولتورێکی ئەبەدی و ئەزەلی دەیهێڵێتەوە، بۆیە ئەم چوارچێوەی خێزانداریە هەردەم لای پیاو پیرۆزەو بەئاگر و ئاسن پارێزگاری لەمانەوەی کردووە و دەیکات، تەڵاقیش ئەو مەترسیە بووە کە هەردەم هەڕەشەی لەم چوارچێوەیە کردووە، بۆیە کلیلەکەی بەپێی یاساو شەرع ڕادەستی پیاو کراوە و تەنها پیاو مافی هەیە تەڵاق بەکار بهێنێت، ئەگەرچی ئافرەت بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات، بەڵام دوا بڕیار هەر لای پیاوە، کەوایە لەگەڵ ڕەوینەوەی تەمی تاریکی پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی خۆری ئازادی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، ئەوا سوچە تاریکەکانی ژیانی هاوسەرگیری ڕووناک دەبێتەوەو وردە وردە سەردەمی دەسەڵات و ئیستیبدادی پیاو کاڵ دەبێتەوەو دیوارە بەرزەکانی سیستەمی باوکسالاری لەچوارچێوەی خێزان هەرەس دەهێنێت، بەبۆچوونی من ئاسۆی دارمانی سیستەمی خێزانداری باوکسالاری لەزۆربوونی ڕێژەی تەڵاقەوە دەبینرێت و هەڵبەت دەبێت خێزان لەسەر بنەمای مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو،بونیات بنرێتەوە. بەشێوەیەک تیایدا ژن و پیاو وەک یەک بۆیان هەبێت، ئازادانە بڕیار لەپێکەوە ژیان بدەن و هەردووڵاش ئازاد بن لەهەڵوەشانەی ئەو گرێبەستە هاوسەرگیریە و چوارچێوەی خێزانیش بۆ هیچیان نەبێتە بەندیخانە و شوێنی بەناچاری ژیان.

بەڵام دەرهەق بەکەمی ڕێژەی لێکجیابوونەوەی خێزانەکان لەرابوردوو کە کاک ئارام زۆر بەپیرۆزی سەیری دەکات، پەیوەستە بەچەند خاڵێکی گرینگ،بەپێویستی دەزانم بەوردی لەسەری ڕابوەستم کە ئەمانەن :

١.هێندەی بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، تەڵبەندی کۆتکردنی ژن لەناو خێزان و وابەستەبوونی بە پیاو، توندتر دەبینین، بەڵێ لەرابوردوو بەهەزاران ئافرەت، لەبەر توندی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵایەتیی بەرامبەر بەئافرەتی تەڵاقدراو و لۆمەی کەسوکار و ناسیاو کۆمەڵگای دەوروبەری،ئامادەبوونە ژیانی مەرگەساتی و کۆیلایەتی وئەوپەڕی زەلیلی درێژە پێ بدەن،بەمەش ئەگەر ئافرەت ئارەزووی تەڵاقیشی هەبوو بێت، ئەوە لەترسی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەو چارەنووسێکی ڕەشتر، مانەوەی لەگەڵ پیاوێک بەناچاری پێ باشتر بووە لەجیابوونەوەکەی.

٢. هێندەی بگەڕێینەوە دواوە، ئەوە ئەو ئافرەتانە کەمتر دەبینین کە خاوەنی ئابووری خۆیان بن، بەواتایەکی تر تەواوی ئافرەتان لە ماڵەوە بوون و هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆی داهاتی داراییان نەبووە، بگرە هەمیشە لەژێر چەتری کار و بەرهەمی پیاو ژیاوە و وەک هەزاران ئافرەت تەنها لەترسی گوزەرانی لەدەستدانی پێگەیەک بۆ ژیان، ئامادەی تەحەمولکردنی هەموو ئێش و ئازارێکی دەست پیاوی هەبووە، چونکە ئافرەتی تەڵاقدراو لەلایەن دایک و باوک و براکان، جگە لەوەی بەسوک سەیر دەکرا، بگرە کەسیش ئامادە نەبووە تا سەر بژێوی دابین بکات و شووکردنەوەی دووەمیش،دووبارە بوونەوەی هەمان بەزمی جارانە،بگرە بەپێگەیەکی لاوازتریش بۆ ئافرەتی تەڵاقدراو. کەوایە هەردوو هۆکاری سەرەکی پاشکەوتوویی کۆمەڵگاو باڵا دەستی داب و نەریتی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵ بۆ ئافرەتی تەڵاقدراو لەلایەک و وابەستەیی ئافرەت بەدارایی پیاوو مانەوەیان لەچوارچێوەی ماڵ، دوو هۆکاری سەرەکیین کە هەمیشە لەرابردوو بەریان لەبەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق گرتووە، ڕەنگە هەندێک هۆکاری لاوەکیش هەبن، بەڵام ئەم دوو هۆکارە بە سەرەکی دەزانم.

بەڵام زۆربوونی دیاردەی لێکجیابوونەوەی ژن و پیاویش لەم سەردەمەی ئێستاماندا، هەڵبەت کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە و دەکرێت ئەمانە

بەسەرەکی وەربگرین لەبارودۆخی ئەمڕۆماندا:

١.کرانەوەی کۆمەڵگا بەرووی شەپۆلی پێشکەوتنەکانی زانست و هۆشیاری و ئاشنا بوون بەدونیای دەوروبەرو تێکەڵاوبوون بەکولتوری رۆژئاوایی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان،کە کاریگەری هەیە لەسەر هەردوو رەگەزی پیاو و ژن تا روانگەیان بۆ پرسی تەڵاق بگۆڕێت و جیابوونەوە و تەڵاق لەکارەساتەوە، ببێت بە شتێکی ئاسایی.

٢- بەرز بوونەوەی رێژەی ئافرەتانی خوێندەوارو فەرمانبەرو دەرچوونیان لەسنووری ماڵ و تێکەڵبوونیان بەپرۆسەی کارو بەرهەم هێنان و بازاڕ و بەشداریکردنی ئافرەت وەک پیاو، لەبەڕێوەبردنی ماڵ و هەبوونی سەرچاوەی دارایی تایبەت بەخۆی، یەکێکی ترە لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکان، کە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر کاڵبوونەوەی پەیوەندی خێزانیی و لەدەستدانی شیرازە و باڵا دەستی پیاو، ئەگەر کاتی خۆی بژێوی خێزان تەنها لەدەستی پیاودا بووە،ئەوە ئیمڕۆ بەدەست ئافرەتیشە، بۆیە ئافرەت ئەو ترسەی نەماوە ئەگەر پیاوەکە تەڵاقی بدات، ئەوە یان دەبێت سواڵ بکات،یانیش دەبێت لەبرسان بمرێت، بگرە ئەمڕۆ ئافرەت وەک پیاو خاوەنی بەرهەم و موچەی خۆیەتی و بێئەوەی ناچاری دەستی هیچ کەسێک بێت، دەتوانێت خۆیی و منداڵەکانی بەڕێوە بەرێت.

٣. یەکێکی تر لەهۆکارەکانی زیادبوونی لێکجیابوونەوەی ژن و مێرد، کەمبوونەوەی پابەندی ئەخلاقی ژن و مێردە بەیەکتری و زۆربوونی پەیوەندیە ناشەرعییەکانە، ئەمەش لەژێر کاریگەری تێکەڵبوونە بە پێشکوتنەکانی جیهان وک رانەوەی کۆمەڵی کوردەواریی بەرووی بازاڕی ئازاد و بەرەڵلاکردنی زیاتری ئارەزووەکان،هاتۆتە بەرهەم. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین بەشێکی بەرچاوی جیابوونەوەکانی ژنء مێرد، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی خیانەتی هاوسەری لەگەڵ یەکتری و دەکرێت بڵێین لەم مەسەلەیەش پیاو دەستپێشخەرە و رێژەی زۆرینەش لەخیانەتی هاوسەری بەر پیاو دەکەوێت.

٤. کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی دایک و باوک بۆمنداڵان و ئاییندەیان،هۆکارێکی تری بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاقە، کاتی خۆی ئەم پیاوانە کەم بوون لەپێناو هێنانی ژنێکی تر، دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن و بەقوربانی ئارەزووەکانیان بکەن، یانیش ئەو ژنانە زۆر بوون، تەنها بۆ ئەوەی منداڵەکانی سەرگەردان نەبن،خۆی دەکردە قوربانی و هەموو چەرمەسەری و ئازارێکی هەوێداری قەبوڵ دەکرد، ئێستا هەم پیاو هەم ژنیش لەپرسی پێکەوە ژیان و تەواوکردنی ژیانی هاوسەریان، زۆر حیساب بۆ ئاییندەی منداڵەکانیان ناکەن و بەرهەڤ نین بەخاتری سۆزو خۆشەویستی منداڵەکانیان،قوربانی بەخۆیان بدەن.

**کاک ئارام**، ئەمانەی باسکران، بە بۆچوونی من هۆکارگەلێکی زانستین بۆ زیاد بوون و بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق لەکوردستان، ( نازانم حوکومەتی هەرێمی کوردستان ئۆباڵی کام لەو خاڵانەی دەکەوێتە ئەستۆ). لەکۆتاییدا دەڵێم،کۆمەڵگای کوردەواری لەبەردەم دوو رێگادایە:

یەکەم: دەبێت وەک کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو پارێزگاری لەداب ونەریتی کۆنەپەرستانەی سەردەمی رابوردوو بکات و رێگا بەهیچ گۆڕان و پێشکەوتنێک نەدات و لە ئاست پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و کولتووری سەردەم رووی خۆی وەربگێڕێت، (ئەوکاتە خێزانیش لەشێوەی باوکسالاری وئیستیبدادی دەکرێت پارێزگاری لەمانەوەی بکرێت و پێش لەبەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاق بگیرێت).

دووەم/یاخود وەک هەرکۆمەڵگایەکی تر دەبێت کرانەوە و پێشکەوتنەکانی سەردەم پەسند بکات و،وردە وردە داب و نەریت وریساکانی کۆنەپەرستی لەیاد بکەین.(ئەوکاتەش پێویستە خێزان لەسەر بنەمایەکی تازە بونیات بنێینەوە،کەتیادا کەرامەت وئازادیی و مافەکانی ژن و پیاو،وەک یەک پارێزراو بێت ).